# وەهمی ڕەسەنایەتی
# ڕامانێک سەبارەت بە بیری کوردایەتیی ڕەخنەگرانە

**سارۆ ئەردەڵان**

کوردایەتی یا هەمان ناسیۆنالیزمی کورد بەرنامەیەکی سیاسییە بە مەبەستی سازکردنی دەوڵەت نەتەوە لەسەر خاکی کوردستان. ئەو بیرۆکانەی کە دەیانهەوێ ماکێکی ڕەسەن بۆ کولتووری کوردی بدۆزنەوە و بیپارێزن، هەندێکجار لەگەڵ کێشەی نەگونجان لەگەڵ بەها مۆدێڕنەکان بەرەوڕوو دەبنەوە. هەروەها بەکولتووریکردنی کوردایەتی ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە ئامانجی سیاسی بزر دەبێ و وا نیشان دەدرێ چالاکیی کولتووری دەتوانێ جێی شۆڕش بگرێتەوە. بیری کوردایەتیی ڕەخنەگرانە لە هەمان کاتدا گرنگی بە کولتوورێکی نەتەوەیی دەدا، باس لەوەش دەکا کە بۆ مەبەستی سڕینەوەی پەیوەندییەکانی سوڵتە، پێویستە هەموو ستەملێکراوەکان لە کوردستان پێکەوە تێبکۆشن. چونکە وشیاریی نەتەوەیی بێ وشیاریی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بە ئامانجی کۆتایی کە هەمان ڕزگاری و کوردستانێکی سەربەخۆیە بگات.

*کولتووری نەتەوەیی نە فولکلۆرە و نە پۆپولیزمێکی ڕەها کە وای دادەنێ دەکرێ سروشتی ڕاستەقینەی خەڵک بدۆزرێتەوە.*
*فرانتز فانۆن*[1]

*سازکردنی پەرستشگەیەک ئاسانترە لەوەی بتهەوێ خوداکەی بڕووخێنی و دەستی بەسەردا بگریت.*
*ساموێل بێکێت*[2]

## دەستپێک

بیرۆکەی ڕەسەنایەتیی کولتووری لە ماوەی زیاتر لە یەک سەدە کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کورد) هەم بەردەوام بووەتە جێی مشتومڕ و هەم بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەستێنی کولتووری کوردیدا بەرهەم هاتووەتەوە. هەر بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ باس لەو کێشانە بکرێ کە لە کاتی دژایەتی کردنی سیستەمی کۆلۆنیالیستیی دوژمن، بەرەورووی بیری کوردایەتی دەبێتەوە. واتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کولتووری کۆلۆنیالیست ڕەت دەکاتەوە، بەرەو شێوەیەک پێناسەکردنی ڕەسەنبوونی کولتووری کوردی مەیلان دەکا. ئەگەرچی بۆ سازکردنی هەستێکی گرێدراوەیی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا و سازکردنی ناسنامە، شێوەیەک لە کولتووری هاوبەش لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خواست بۆ کولتوورێکی ڕەسەن لە کوردستان، سێ دەرەنجامی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە:

**١** لە ڕێگەی گوشاری دوژمن بۆ سەر ناسنامەی کوردی، هەوڵ دەدرێ بەرەو کەلەپوورێک (میراتی کولتووری) لە کوردستان بگەڕێینەوە کە لەگەڵ بەها مۆدێڕنەکان ناکۆکە.

**٢** لە ڕوانگەی ڕەسەنایەتیی کولتووری کوردییەوە کە لە نێوان فۆلکلۆریستەکان و هەندێک لە لایەنگرانی بیرۆکەی دژەکۆلۆنیالیستی هاوبەشە، گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی زێڕین گرنگە.

**٣** هەر بۆیە کوردایەتییەک کە لەسەر بنەمای ڕوانگەی ڕەسەنایەتی ساز دەبێ، ناتوانێ لە وشیاریی نەتەوەییەوە بەرەو سازکردنی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێت.

بە ناسینی ئەم کێشانە و ئاوڕدانەوە لە وەهمی ڕەسەنایەتی، دەکرێ باس لەوە بکەین کە کوردایەتی بۆ ئەوەی ئەزموونی شکەستخواردووی ناسیۆنالیزمی نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان دووپات نەکاتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە پێناسە بکرێ هەتا بتوانێ لە پاش قۆناغی کۆلۆنیالیزم، ئەو پێکهاتانە بەرهەم نەهێنێتەوە کە تیایدا ئەگەرچی ستەمی نەتەوەیی ڕەنگە سڕدرابێتەوە، بەڵام دیسان ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە شێوازی نوێدا بەرهەم هاتوونەتەوە. کەواتە کوردایەتی دەبێ ئەو ماکە کولتوورییانە وەلا بنێ کە پاشڤەڕۆیانەن و لە هەمان کاتدا بزوێنەری شۆڕشێک بێ کە تیایدا پێکهاتە کۆنە ناکارامەکان لەپێناو داهاتووی کوردستان هەم هەڵدەوەشێندراونەوە و هەم هەوڵ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بەها مۆدێڕنەکان دەدرێت.

## کولتووری ڕەسەن وەک وەهمێک دژ بە مۆدێڕنیتە

بە بۆچوونی من کوردایەتی بیرۆکەیەکی مۆدێڕنی دژ بە کۆلۆنیالیزمە. واتە لە زیاتر لە یەک سەدەی ڕابردوودا کورد ویستوویەتی کیانێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستان دابمەزرێنێ. ئەم ویستە هەندێک جار لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دژەستەمکاریدا جومگەبەندی کراوە و، بە درێژایی ئەم سەدەیە هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە.[3] بەمگوێرەیە، گرنگە ئیلیتی کورد بتوانێ خوێندنەوەیەکی نەتەوەییی بۆ ڕابردووی کوردستان هەبێ و لە ڕێگەیەوە

بەرنامەیــەک بۆ داهاتوو پێشــنیار بکا. بەڵام دەستەبژێرەکان زۆربەی کات لە جیاتی ئەوەی سەرقاڵی نووسینەوەی مێژوویەکی نەتەوەیی بن، یا خۆیان بــە تۆمارکردنی ڕووداوەکانەوە ســەرقاڵ کردووە یا لە ڕێــرەوەی مەعریفەی کۆلۆنیالیســتیدا زانینێکی چەوتیان بەرهەم هێناوە. بە ئاوردانــەوە لەوەیکە جیاوازییەکی بنەڕەتــی لە نێوان ڕابردوو و مێژوودا هەیە،[۴] دەبــێ ئاگاداری ئــەوە بین کــە کوردایەتی وەک ئایدیۆلۆژییەکی ڕزگاریخواز بۆ شــۆڕش دەیهەوێ خۆی لە کۆت و بەندی کولتوورێکی پاشــڤەڕۆیانەی بەجێمــاو لــە ڕابردوویەکی تەماوییەوە ڕزگار بکا. بە وتەی مارکس:

*شۆڕشــی کۆمەڵایەتــی... ناتوانــێ هەڵبەســتی خــۆی لــە ڕابــردوودا بهۆنێتــەوە، بەڵکوو تەنیــا لە هەناوی داهاتوودا دەتوانێ [هەڵبەستی خۆی] ســاز بکا. ئەم شۆڕشــە هەتــا هەموو خورافاتی ڕابردووە نەسڕێتەوە، ناتوانێ بە کاری خۆیەوە سەرقاڵ بێ. بۆ ئەوەی ئەم شۆڕشــە... ئاور لە ناوەڕۆکی خۆی بداتەوە پێویستی بەم بیرەوەرییانە نییە و دەبێ بهێڵێ مردووەکان ســەرقاڵی کفن و دفنی خۆیان بن.[۵]*

لە نــاو ئیلیتی کوردیــدا پێناســەیەکی باو سەبارەت بە ئەرکی مێژوونووسی کورد هەیە کە مێژوونووس وەک شوێنەوارناسێک دەناسێ کە دەیهەوێ بۆ چاخەکانی ڕابردوو بگەڕێتەوە و لــە ئەشــکەوتەتاریکەکاندا ئاســەواری کوردســتان بدۆزێتەوە، تاکوو بە ئیســتامان بیانناسێنێت.[۶] ئەم کردەوەیە دژ بە داگیرکەر پێناســە دەکرێ، چونکە لــەم بیرۆکەیەدا وا دادەندرێ کە دوژمنانی کوردســتان مێژووی کوردستانیان سڕیوەتەوە، بەلاڕێیاندا بردووە و ناهێڵن "ڕاستییەکان" وەک خۆیان دەرکەون؛ هەر بۆیە بە دروســتی بــەو ئەنجامە دەگەن

کــە دوژمن لــە ڕێگەی دەزگای ناســینی خۆیــەوە دەیهــەوێ هەقیقەت پێناســە بکا. هەروەها نائاگایی لە ئاست ڕابردوو بەشێکی بۆ کەمتەرخەمیی ئیلیتی کورد دەگەڕێندرێتەوە کە ئەرکــی ڕۆشــنبیری و مێژوویی خۆی بەجێ نەهێناوە. ئەم مێژوونووســانە زۆربەی کات ئەم ئەرکە لە جیاتی ئەوەی لە گوتارێکی ناسیۆنالیستیدا سەرقاڵی نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیی بێ، بەرەو کۆکردنەوەی ڕووداوەکان هەنگاو دەنێ. واتە بەشێوەیەکی پۆزیتیڤیستی گیرۆدەی "فیتیشــیزمی بەڵگــە"[۷] دەبنەوە، بێ ئــەوەی بتوانن ئــەم فەکت/بەڵگانە لەناو گوتارێکی کوردستانیدا جێگیر بکەن.

ئــەم گەڕانەوەیە بۆ ڕابــردوو، بێ ئەوەی لــە گوتارێکــی مێژوویــی دیاریکــراودا بخوێندرێتەوە، بە شــوێن جەوهەرێکی نەگۆڕ لە ڕابردوودا دەگەڕێت تا بتوانێ وەک میراتی کورد و کوردستان لە ئیستادا بەکاری بێنێت. لە کاتێکدا بەشــێکی بەرچاو لــەوەی وەک میراتــی کولتووری لە ناو هــەر نەتەوەیەکدا ســەیر دەکرێ، پێویســتە دیســان سەر لە نــوێ پێداچونەوەی بۆ بکــرێ و لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی ئیســتادا لێک بدرێتەوە. ناکرێ هەر شــتێک لــە ڕابردوودا لە کوردســتان و بە زمانی کــوردی بەرهەم هاتووە وەک خۆی پەســەند بکرێ. گەڕانەوە بۆ کولتوورێکی بێخەوش، پاریزراو و ڕەســەن لە کوردســتان بــەرەورووی چەند کێشــەی ســەرەکی دەبێتــەوە. ســەرەتا وا گریمانــە دەگیرێ کــە کولتووری ئێمە لــە ڕابردوودا بــێ گرێوگۆڵ و یەکدەســت بــووە، کەواتە دەتوانین بەدۆزینەوە و پاراســتنی، بیکەینە هەوێنێکی هاوبەش بۆ ناسنامەی کوردستانی/کوردی. لە کاتێکدا لە ڕابردووا ئەم جەوهەرە هارمۆنیکــە نەگــۆڕە نەیدەتوانــی هەبــێ، چونکــە لە بنەڕەتدا حکوومــەت، پەروەردە و سیاســەتێکی کولتووریی کــوردی نەبووە تا کولتوورێکی وەها بەرهەم بهێنێت. ئەم شێواز

مێژووروانینە (کە مێژووی سیاسـی، ئایینی و کولتووری لەخۆ دەگرێ) لە ناو نووسـەرانی کـورددا زۆر باوە کە ئەرکی سـازکردنەوەی مێـژووی کورد بۆ خۆیان پێناسـە دەکەن و پێیـان وایە دەکرێ شـکۆی ڕابـردوو وێنا بکەنەوە. بۆ نموونە جەمال نەبەز دەنووسـێت: "کورد، هەرچەنـد مێژوویەکی زۆر کەڤنار و دەوڵەمەندی هەیـە، لێ ئەم مێژووە، ناچرووپڕ و کـون و کەلەبەردار و لەیەکهەڵوەشـاوەیە. ئەز بۆخۆم کاتێک سـەرنج دەدەمە مێژووی کورد، وەک کۆشکێکی زۆر گەورەی دارووخاو دێتە بەرچاوم کـە ژوورەکانی لەئەژمار نایەن و هەزاران کەلوپەلی جۆربەجۆری تێدایە."[٨]

دواتر لەبەر ئەوەیکە زۆربەی ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا، بەتایبەت پێش لە سەردەمی میرنشـینەکان، تاکوو ئیسـتا لە کوردستان ماونەتەوە تەواو ڕوون نین، دەبنە هۆی ئەوەی کـە لەگەڵ بەشـێکی گرنگ لـە کولتووری کۆلۆنیالیزمـی ئێرانی تێکـەڵ ببن. من ئەم تێکەڵییـەم وەک کۆلۆنیالیزمـی وەخۆگر[٩] پێناسە کردووە کە تیایدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی کولتـووری کـوردی وەخۆ دەگـرێ و وەک بەشـێکی جیانەکراوە هەم خاوەنداریەتیی لێ دەکا و هەم پەراوێزی دەخا. بۆ نموونە زۆربەی جـار کورد وەکوو خەڵکێکی ئێرانی پێناسـە دەکرێ و لە ڕووی نەژادییەوە وەک ئێرانییەکی ڕەسـەن دەناسـێندرێ.[١٠] زمانـی کوردی دەبێتە بەشـێک لە زمانـە ئێرانییەکان[١١] و بەگشتی هێژموونی ڕەچەڵەکی ئێرانی هەموو ڕەهەندەکانی زمان، ئایین، ژیان و دابونەریت لە کوردستان وەخۆ دەگرێ. هەر بۆیە کاتێک تەنانەت توێژەرانی کورد دەیانهەوێ توخمێکی جیاواز لە ناسـنامەی کۆلۆنیالیستی بۆ کورد دەستنیشان بکەن، لە ئاکامدا دەکەونە داوی کۆلۆنیالیزمـی وەخۆگرەوە. لـە نموونەیەکی گرنگـدا دەکرێ ئاماژە بـە هەوڵی جەلادەت و کامـەران بەدرخـان بدەین کـە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٠-١٩٤٠دا باسیان لەوە دەکرد کە ئایینی ڕاستەقینەی کورد ئایینی ئێزدییە. ئەوان کە ئەویتری خۆیان تورک و عەرەب لە سێ وڵاتی نوێی تورکیا و سوریادا دەبینییەوە پێیـان وا بوو بـۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئایینی ئیسلام (وەکوو ئایینێکی سـامی کە ناکۆکە لەگەڵ نـەژادی کورد) پێویسـتە ئایینێکی ڕەسەن بۆ ناسـنامەی کوردی پێناسە بکەن. کێشە کاتێک زەقتر دەبێتەوە کە ئەوان وایان دادەنا ئاییـنی ئێزدی شـێوازێک لە ئایینی زەردەشـتییە کە لە کولتـووری ئێرانیدا باو بووە.[١٢] لـە کۆتاییەکانـی ١٩٧٠ و دەیەی ١٩٨٠، ئۆجـالان داخوازی ئەوەی دەکرد کە ئایینی زەردەشـتی ئایینی ڕەسـەنی کوردە. ئۆجـالان، زەردەشـتیگەریی وەک هێزێکی ڕزگاریکەر پێناسـە دەکرد کە دەتوانێ کورد لە ئایینی دواکەوتووی ئیسلام ڕزگار بکات.[١٣]

بەرەبەرە ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لەگەڵ بەشـێک لە بۆچوونی کوردایەتی تێکەڵ بوو و لە ئیسـتادا تەنانەت هەندێک لە پەیڕەوانی ئایینی زەردەشـتی لە نێو کوردانی دیاسپۆرا و دانیشتووی باشووری کوردستان ساز بوون. هەڵبەت لەم سـاڵانەدا هەندێک لە نووسەران لـەوە تێگەیشـتن کـە بەزەردەشـتیگەری کردنـی کـورد، کێشـەی تێکەڵـی لەگەڵ کولتووری ئێرانی لێ دەکەوێتەوە، بیریان لەوە کردووەتەوە کە بۆ گەیشـتن بە ڕەسەنایەتی و هەروەهـا ڕەچەڵەکـی ئایینەکانی یاری و ئێزدی، بیر لە میترائیزم بکەنەوە و وای دانێن تەنانەت میترائیزم دژ بە زەردەشتگەری بووە و هەر لە قۆناغی سەرەتای مێژوو تاکوو ئیستا فارسـی زەردەشـتی دژ بە کوردی میترایی بووە.[١٤]

سـەرەڕای ئـەوەی کـە زۆربـەی ئەم مێژوونووسـیانە بەپێوەری ئاکادێمیا زانستی و ورد نین، هەروەها بـۆ داخوازی نەتەوەیی ناپێویستن. گریمان مێژووی کورد و کوردستان لێوانرێژە لـە شارسـتانییەت و کولتوورێکی والا. ئەمـە خۆی لە خۆیدا ناتوانێ بۆ ڕزگاری

لــە دۆخـــی کۆلۆنیالیزمی ئیســـتا بەهێزمان بکا. ڕاســـتە بۆ ســـازبوونی ناسنامەی کوردی پێویســـتە ئێمــە کولتوورێکـــی نەتەوەییمان هەبێ، بەڵام ئەوەیکــە دەکرێ ئەم کولتوورە لە بەستێنێکی نارِوون و تێکەڵاو بە کولتووری وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان چێ ببێ، جێـــی گومانە. هەر وەک چۆن فانۆن بەوردی ئاماژە بە دۆخی کۆیلایەتیی ڕەشپێســـتەکان دەکا:

*تێگەیشتن لەوەیکە لە سەدەی یازدەیەمدا ڕەشپێستەکان شارستانییەتێکیان هەبووە مافی مرۆڤبوون بە من نابەخشـــێ... من هێندەش ســـاویلکە نیم کە باوەرِم بەم داخوازییە هەبێ کە پەنابردن بۆ عەقڵ یا ڕێزگرتن لە شەرافەتی ئینسانی دەتوانێ جێی ڕاستییەکان بگرێتەوە. بۆ مرۆڤێکی ڕەشپێســـت[ئێگرۆ] کـــە لـــە کێڵگەی بەرهەمهێنانی شـــەکری لێ رۆبێرت کار دەکا تەنیـــا یەک چارەســـەر لەئارادایە: خەبات. ئەو بەرەوپیری ئەم خەباتە دێ و هەتا ســـەر درێژەی پێ دەدا؛ هەڵبەت ئەم خەباتە لە ئەنجامی شـــیکارییەکی مارکسیســـتی یـــا ئایدیالیســـتیدا نییە بەڵکـــوو زۆر بـــە ســـادەیی خەبات بۆ ئەو، ئەم مانایـــەی هەیە کە ژیان جگە لە شـــێوازێک لە شـــەرِی دژە ستەم و چەوســـاندنەوە، هـــەژاری و برســـیەتی مانایەکی دیکەی نییە.[۱۵]*

مانـــەوە لە ڕابردوودا، تەنانـــەت ئەگەر پێمان وا بێ ڕابردوویەکی زێرین و پڕ دەســـتکەوت بـــووە (کە نەبـــووە)، ناتوانێ هیـــچ لە دۆخی کۆلۆنیالیزمـــی ئیســـتامان چارەســـەر بـــکا. ســـەرەڕای ئەوەیکە ڕوانگـــەی ماکخوازی،[۱۶] بـــە مانـــای گرنگیـــدان بە هەندێـــک ماکی کولتـــووری لە پێـــش قۆناغـــی کۆلۆنیالیزم، ڕەنگە بتوانێ بەرگری لە هێژمونیی کولتووری کۆلۆنیالیستی بکا، بەڵام کێشەکانی تێکەڵاوی بەها پێش مۆدێرنـــەکان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتـــی وامان لێ دەکا بە گومانەوە سەیری بکەین. ئەگەرچی کەسانێک وەک ســـپیڤاک هەوڵ دەدەن ئەم گەرِانەوەیە بـــۆ ڕابـــردوو وەک جەوهەرباوەرییەکـــی ســـتراتێژیک پێناســـە بکـــەن،[۱۷] بەڵام هەر جۆرە خەباتێکـــی دژەکۆلۆنیالیســـتی کە بە شێوەیەکی ساویلکانە بیهەوێ لەسەر بنەمای کولتوورێکی هاوبەش لە ڕابردوودا بەرگرییەک ســـاز بکا، خۆی بەرەورووی گەلێک کێشـــە لـــە ئاســـت مافی ژنـــان، منـــداڵان، کەمینە پەراوێزخراوەکان دەبینێتەوە. دەبینین بە ناوی فۆلکلۆر و پاراســـتنی کەلتـــووری کوردەواری هەندێک گۆرانی، شـــێعر، پەندی پێشینییان، جلوبەرگ، دابونەریت وەک میرات دەمێنێتەوە و ئیســـتا دیســـان بەرهەم دێتەوە کە خۆیان پێکهاتەکانی ســـوڵتە بەرهـــەم دەهێننەوە و لەگەڵ بەها مۆدێرنەکانی کوردایەتیدا ناکۆکن. بۆ نموونە لە گۆرانیی فولکلۆری کەژاوە بێنن، باس لـــە منداڵبوونی خۆشەویســـتی پیاوێک دەکـــرێ: "هـــەی بێنن بێنن کـــەژاوە بێنن، یارم [ئەو کچە] منداڵە دڵی مەشکێنن." ئەم گۆرانییە ئەگەر لە ڕابردوودا و لە سەردەمێکی پێشووتردا مانایەکی هەبووبێ، ئیستاکە دەبێتە هۆی ئاسایی پیشـــاندانی پەیوەندیی منداڵی کچ لەگەڵ پیاو. کێشـــەیەک کە هەنووکە لە ژمارەی بەرچاوی هاوسەرگیری کچی منداڵ لەگەڵ پیـــاو لە کوردســـتان دەبیندرێ. ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرە تەنانەت لە لایەن گرنگترین مامۆســـتایانی ئاوازی کوردییەوە وتراوەتەوە: مامۆســـتایان خالقی؛ شـــڤان پەروەر، بیژەن کامکار؛ عەباس کەمەندی. یا لە نموونەیەکی ناوداری گۆرانی "ئەرۆی بۆ مەکتەب" ناوچەی گەرمیان و خانقیندا (وتنەوەی مامۆســـتایان حسێن عەلی و حێشـــمەت لۆرنەژاد) دیسان ئەم دیاردە پێش مۆدێرنە دووپات دەبێتەوە.

نموونەی بێرِێزی کردن بە ژن لە گۆرانی

قیزەونـــی "بێوەژنە بە دڵی منـــە" کە کەمتر گەعدە و زەماوەندێک هەیە تیایدا نەوترێتەوە، ژن بە ئۆبژەیەکی سێکســـی بۆ ناشـــیاوترین وشـــەگەلی مومکیـــن لە ئاســـتی مرۆڤبوون دادەبەزێنــــرێ تا چێـــژی پیاوانـــە دابمرکێ. ئێمـــە ناتوانین هەڵگری بیرۆکـــەی مۆدێرنی کوردایەتـــی بین و گوێ لە چەوســـاندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردی بخەوێنین. ئەگەر وشیاریی نەتەوەیی  بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لـــە میراتی نەتەوەیی بکاتەوە، بەشـــێکی گرنگ لە فۆلکلۆر یا دەبێ بسڕێتەوە یا لەگەڵ بەها مۆدێرنەکان بیگونجێنێ. لە نموونەیەکی سەرنجڕاکێشـــدا دەبینین گۆرانیی "لانکۆڵێ" فۆرمـــی دڵڕفێنی خـــۆی دەهێنێتـــە دنیای مۆدێرن بەڵام شـــوێنە ناتەباکان گۆڕانکارییان بە سەردا دێ. "لانکۆڵێ هەی لانکۆڵێ/ لانک لە دار هەناریێ/ وەســـتا بـــێ لە تارانیێ/ لانکێ درووست کا بۆ چاو جوانیێ... دەڵێ لە لانکەیدا نانووم با بۆی ســـاز کەین جۆلانیێ/ ئەی ڕۆڵە سەر دڵ خڕ بی، باب مردوو بی/ شەو درەنگە بۆ جێژوانـــیێ/ تـــاوە و ڕۆژی رووناکە هەموو عالەم دەزانیێ." [بە دەنگی مامۆستایان خەلیل ســـدیقی، و ناسر ڕەزازی؛ دیسان وتنەوەی لە لایـــەن دینا؛ ئاوات بۆکانی و ئاشـــتی عەزیز؛ حەمـــە شـــەیدا؛ جـــەلال ســـەعید و نوری گەرمیانی] هەروەها بە ناوەرۆکێکی دیکەوە لە لایەن مامۆســـتا حەسەن زیرەک بەم شێوەیە وتراوەتـــەوە: "لەبەر ئەو ژنە ڕەشـــتاڵە، قەدی دەڵێی شمشاڵە/ ســـەر کەمە سەر ڕانت، پێم دادە ئەو دەســـتماڵە/ گەر گولە پرسی کێیە، ڕامژێنە بڵێ منداڵە/ گەر بۆ یەک جار چەقەی کرد، بمشێل بڵێ بێحاڵە."

ڕەنگـــە ئەم گۆرانییە بۆ فۆلکلۆریســـتێک گرنگ بێ کە لـــە توێژینەوەیەکـــدا تۆماری بکا، یا بۆ توێژەرێکی کۆمەڵناســـی بۆ ئەوەی لەوە تێبگا کـــە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لـــە ڕابردوودا چۆن بووە، بـــەڵام بەدڵنیاییەوە مژاری خیانەت بە هاوسەر و ئارەزووی مردن بۆ کۆرپەی مرۆڤ بۆ گەیشـــتن بە دڵدارێکی پیاو ناتوانێ وەک بەهایەکی مۆدێرن ســـەیر بکرێ. گرووپی کامکارەکان هەوڵیداوە هەندێک لە وشـــەکان دەســـتکاری بکا و گۆرانییەکە ڕزگار بکا: "لانک لانک لانکۆڵە/ لانک لەو دار هەناریێ/ وەستا بێ لەو تارانیێ/ لانکی درووست کرد بۆ چاو جوانیێ... ئەی ڕۆڵە سەرکەوتوو بی باب زیندوو بی/ خۆش بنووە تا بەیانی/ کاتی ڕۆژی ڕوونـــاک هات/ گورزێ بکە لە مەیدانیێ." هەڵەیەک ئیســـتا لە میدیاکانی کوردستان دەکـــرێ کـــە بێ هەســـتیاریی پێویســـت و هەندێکجار بە پاساوی دواکەوتوویی هونەری میللی، ڕێگـــە بۆ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندی و پێکهاتە پێـــش مۆدێرنەکان خۆش دەکەن. بەدڵنیاییەوە بۆ سازکردنی ژیانێکی بەرانبەر و بێ چەوساندنەوە، بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە کوردســـتان، دەبـــێ واز لە بەشـــێک لەو بابەتانە بێنین کە وەکوو بابەتێکی ڕەسەن لە کۆنەوە هەوڵ دەدرێ بۆ داهاتوو بگوازرێنەوە. ئەگەر هەندێک لە شـــێعرەکانی شـــێخ ڕەزا تاڵەبانـــی و بەشـــێکی بەرچاو لـــە چیرۆک، نەزیلە و قســـەی نەســـتەقی ڕشتەی مرواری (کۆکردنەوەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی) لە ڕابردوودا دەیانتوانی بزە بخنە ســـەر لێوی خەڵک، بەدڵنیاییەوە بۆ ئیستای ئێمە ناتوانن بایەخێکی ئەوتۆیان هەبێ.

ســـەرەڕای مژاری ســـەرەوە، سیستەمی کۆلۆنیالیســـتی هەوڵ دەدا هـــاوکات لەگەڵ ئەوەی بەردەوام پرســـیارمان لێ بکا کە ئێوە چیتان هەیـــە؟ هەندێک لـــە تایبەتمەندییە نامۆدێرنەکانی ڕابردوومان بکا بە تایبەتمەندیی کوردانە و لـــە ڕێگەیانەوە وێنـــای کوردێکی ئایدیـــال بـــە شـــێوەیەکی نەریتـــی دووپات بکاتەوە. لە پەروەردە، میدیاکان و ســـینەمای کۆلۆنیالیستی دوژمندا، کورد دەبێتە پیاوێکی ســـمێڵبابری دەنگ زل کە وەک وەحشییەک تەنیا پشـــت بە هێزی جەســـتە دەبەستێ و نازانێ/ناتوانێ لە هێزی عەقڵ کەڵک وەرگرێ.

ژنــی کورد دەبێتــە مرۆڤێکــی نەخوێندەوار کــە هێزی منداڵ لێکەوتنەوەکەی ســتایش دەکرێ و گێلییەکــەی دەیکاتە بووکەڵەیەک بۆ سەماکردن. ئیلیتی کورد هەوڵ دەدا ببێتە فۆلکلۆریســت و مردووەکان بە دەستی خۆی زیندوو بکاتەوە. فانــۆن وتەنی "ئەگەر لەگەڵ خۆمــان راســتگۆ بین، مرۆڤی ڕەشپێســت [نێگرۆ] کۆیلەی ڕابردووە."[١٨]

## کوردایەتی و ڕەسەنایەتی

ئەگــەر کوردایەتــی وەکــوو شۆڕشــێکی دژەکۆلۆنیالیســتی ســەیر بکەیــن، خۆی لە چەندین شێوازی دژەستەمکاریدا دەبینێتەوە کە لــە ڕێگەیەوە جۆرەکانــی بەرگری دژ بە کۆلۆنیالیســم لە دامەزراوە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانیــدا جومگەبەنــدی دەکرێ. کوردایەتی وەکوو ناسیۆنالیزمێکی دژەکۆلۆنیال بانگەوازی سەربەخۆیی و سازکردنی دەوڵەت نەتــەوە لەســەر خاکــی کوردســتان دەکا. واتە ئەگەر دالی ســەرەکی لــە ئایدیۆلۆژیی کوردایەتییە بریتییە لــە ڕزگاریی نەتەوەیی، هەروەها لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی هاونرخ جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوە وەک ستەمی چینایەتــی، جێنــدەری و ژینگەیی لەگەڵیدا جومگەبەندی دەکرێن. بەم واتایە کوردایەتی دەبێتــە چەترێک بۆ ئەو بیرۆکانەی کە پێیان وایە لە ژێر سیســتەمێکی کۆلۆنیالیســتیدا دەچەوسێنەوە. یەکێک لەو مژارانەی هەندێک جار گرنگیی پێ دەدرێ ئەوەیە کە لە قۆناغی کۆلۆنیالیستیدا کولتووری کوردستان بەرەبەرە دەفەوتێ و پێویســتە بۆ ســازکردنی ناسنامە لە ئیســتادا بــۆ قۆناغی زێڕینــی کولتووریی پێــش کۆلۆنیالیزم بگەڕێنــەوە. تەنانەت لە مۆدێلی هەرێمی کوردســتان لە باشــوور، بە سازبوونی دامەزراوە کولتوورییەکان، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یا پێداگری لەســەر هێشــتنەوەی پەیوەندییە نەریتییەکان دەبێتە بەشــێک لە پرۆژەی ســازکردنی دەوڵەت نەتەوە. دەکرێ بگوتــرێ تەنانــەت لــە هەندێک شــێوازدا دیسانەوە هەندێک پێکهاتەی پێش مۆدێرنی وەکــوو عەشــیرەگەری لە هەندێــک ناوچە دیســانەوە بەرهەم دێتەوە کــە بەرەبەرە ڕوو لە لاوازی بوون. شێوازی گشتیی ئەو بیرۆکە دژەکۆلۆنیالیستییانەی کە من لێرەدا ڕەخنەیان لێ دەگرم و وەک ماکخواز ناویان لێ دەبەم بەم شێوەیە قۆناغبەندی دەکرێ: **١** قۆناغی پێش ـ کۆلۆنیالیــزم ( کۆمەڵگا هارمۆنیک و جێگیر بووە)؛ **٢** قۆناغی کۆلۆنیالیزم (دەستێوەردانی کارەساتباری کۆلۆنیالیستەکان) و **٣** قۆناغی پاش ـ کۆلۆنیالیزم (هەوڵ بۆ دەستخستنەوەی هارمۆنی لە ڕێگەی ئەو پاشماوانەی کە دوای کۆلۆنیالیزمەوە بەجێ ماون).[١٩] وادەردەکەوێ ڕۆشــنبیرانی نەتەوەی کــورد کاتێک دۆخی بندەستی و شکەستخواردووی ئیستا دەبینن، بەرەو ئەوە دەڕۆن کە وێنایەکی سەرکەتوو لە ڕابردوویەکی دوورتردا بۆ کورد و کوردســتان وێنــا بکــەن. کیانێکی پڕ لە ســەرەوەری لە سەردەمی ماد، ســەلاحەدین ئەییووبییەکی قارەمان، میرنشــینێکی ئــاوەدان کە گرنگی بــە زمانــی کــوردی دەدا، جەنگاوەرانــی قــەڵای دمــدم، هەندێکجار یەکســانیی ژن و پیــاوی کــورد و تەنانەت دایکســالاری لە سەردەمانی ئەوپەڕ مێژووییدا، دەبنە هەوێنی مێژوونووسیی کوردی کە لە بەرانبەر مێژووی ساختەی ئێران و تورکیای کۆلۆنیالیستدا، پەنا بۆ ساختەکارییەکی دیکە دەبەن.

*بەگوێرەی پێشینەی مێژوویی و بیروڕای ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئاشــکرایە کە کورد و فــارس هەر دووکیان ئــاری نژادن و لەگــەڵ یەک بران و لــە یەک باوکن... [کــوردەکان] یەکێــک لــە پاکتریــن نژادەکانــی ئێرانــن و ئــەم خاکە پاکە لانکــەی بــاو و باپیرانی ئەوانــە، ئێران نیشــتمان و زێدی ئازیز و ستایشکراوی ئەوانە. کــوردەکان ئێرانیان لە هەزاران*

*سـاڵ لەمەوپێشەوە لە دەسـتدرێژیی داگیرکـەران و سـنووربەزێنەکان پاراسـتووە و لە ڕێگەی سەربەسـتی و یەکپارچەییـی خاکی ئێـران، بە گیان بەخت کردنـەوە، فیداکاریمان کردووە و خوێنمان ڕشـتووە و وەکوو شێرێکی سـامناک و نەترس جەسـتەی خۆمان وەبەر فیشەکی دوژمن داوە و نەمانهێڵاوە بێگانە پێی بخاتە سەر ئەم خاکە پیرۆزە و تاکوو زیندووین دەشیپارێزین. ئێران و سەڵتەنەتەکەی بە هی خۆمان دەزانین و خۆشمان بە هی ئەو دادەنێین، چونکە یەکەم خاندانی شاکانی ئێران "ماد" یان "کورد" بوون."* [٢٠]

بە شێوازێکی سـەرنجڕاکێش و لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا کـە ئیلیتـی نەتەوە کۆلۆنیالیسـتەکانی کوردسـتان سـەرقاڵی ئامادەکاری بۆ سازبوونی دەوڵەت نەتەوەکانی خۆیـان بوون، ئـەم پـرۆژەی ئایدیۆلۆژیکی بەئاریایی کردنی نـەژادی کورد دەبێتە هۆی ئەوەی کورد و فارس وەک برا نیشـان بدرێن و بەم شێوەیە پێگەیەکی مەعریفیی چەوت بۆ کوردبوون سـاز دەکرێ. تەنانەت زێدەڕۆییی ئیلیتـی کـورد تا ئـەو شـوێنە دەرەنجامی گاڵتەجارانـەی لـێ دەکەوێتەوە کـە بەڵگە دەهێندرێتەوە چونکە زمانی کوردی و ئاڵمانی ئارییایـن، کوردەکان دەتوانـن تەنێ بە دوو مانگ فێری زمانی ئاڵمانی ببن!

*کورد بەر لە نەبووەت هەبوون و مەوجود بـوون، کورد لە ئەقوامـی ئارییەنن، لە پاش بیعسـەت، قسمێ لە ئەوان وەکوو ئێمە، وەکوو ئەفغان، وەکوو ئێران، دینی ئیسلامیان قەبوڵ کرد و ئەلحەمدولیللا بووینە ئیسـلام. قسمێ لە ئەوان وەکوو ڕۆم، وەکـوو ئەرمـەن، وەکـوو ئەڵمان لەسەر ڕێگەی جەهالەتا مانەوە. چ ڕۆم، چ ئەرمەنی، چ ئاڵمان، چ پۆرتکیز، ئەمانە هەمووی لە عرقی کوردن. دیقەت فەرموون، لیباسمان، عەنعەناتمان وەکوو عەجەمە، لەبەر ئیختیلات لەگـەڵ بەغدا جوزئێ فەرقمان هەیـە. فەقەت ئەگەر تەعمیق بکرێت عەینـی عەجەم حائز حەرەکات و سەکەناتین... ئەڵمان و زمانی ئەڵمانی زۆر موشابەهەتی بە کوردی هەیە، ئەمرۆ ئەگەر کوردێ بچێ بۆ ئەڵمان بە زەرفی دوو مانگ فێری زمانـی ئەڵمانی دەبێ، فەقەت ئەگـەر تورکێ، یا عەرەبێ بچێ بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی متەوەفیقەتە سەر ساڵێک، چونکە زمانی ئەڵمانی وەک زمانی کوردی گرانە."* [٢١]

ئەگەرچی پێناسەی ڕەسەنایەتی ناڕوونە، بەڵام هێندە سەرنجڕاکێشە کە نووسەرانی مێژوو لە کوردسـتان هان دەدا بۆ سازکردنی شانازیی بـە ڕابردووی کوردسـتانەوە، لـە بەرنامەی دەرسیی خوێندندا بیگونجێنن. لە پەروەردەی هەرێمی کوردسـتان بە شـێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە ڕەسـەنبوونی کـورد و کولتووری کوردی دەدرێ. بۆ نموونە کوردستان دەبێتە لانکەی شارسـتانییەت و یەکەم شـوێنی لە جیهاندا کە کۆمەڵگای مرۆییی تێدا چێ بووە. لە کتێبی پۆلـی یانزەی وێژەییدا بۆ مێژووی شارسـتانییەتەکان نووسـراوە: "کوردسـتان لانکەی یەکەمی پەیدابوونی شارسـتانییەت بووە و مرۆڤ لەم پێگە جوگرافییەدا کشتوکاڵی دۆزییەوە کە بووە هۆی وەچەرخانێک لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و وای لـێ کرد کە کۆ ببنەوە و پێکەوە بژین."[٢٢]

لـە ڕەهەندێکـی دیکـەوە، بەتایبەت لە حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتان ڕوانگەی ڕەسـەنایەتیی کولتـووری کـوردی بووەتە بەشێک لە ئەجێندای سیاسی و بە بانگەشەی ئەوەی کوردسـتان لە سـەردەمانی کۆنەوە شـوێنێک بووە بـۆ پێکەوە ژیان کـە تیایدا

هەمووو ئایین و پێکهاتەکان بێ کێشە و ناکۆکی پێکەوە ژیاون، جەوهەرێکی نەگۆڕی یەکدەست لە کۆمەڵگای کوردی نیشان دەدرێ. پێکەوەژیانی ئایینی و ئیتنیکی، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و پێش لەوە لە هیچ کوێیەک وا نەبووە کە لایەنگرانی ئایینەکان بەر یەک نەکەون. لە بنەڕەتدا دوای شەڕی سی ساڵەی ئایینی لە ئەورووپایە (١٦١٨-١٦٤٨) کە بەرەبەرە مژاری پێکەوەژیانی ئایینی و پێکەوە هەڵکردن دێتە ناو فەلسەفە و لە حوکمڕانیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بەم پێیە قۆناغی زێڕینی پێکەوەژیان لە ڕووی کاتشوێنەوە ئیمکانی سازبوونی لە کوردستاندا نەبووە. لە گوتاری سیاسیی بەرپرسانی هەرێمدا، ئەم جۆرە ڕوانگەیە بەردەوام دووپات دەبێتەوە. بۆ نموونە لە کۆنفرانسی لێبوردەیی و ژیان کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستانەوە لە هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٦ بەڕێوە چوو، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان کە ئەوکات سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بوو، باس لەوە دەکات کە "کوردستان لە کۆندا زێدی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئاینزا و لێبوردەیی بووە و سەرەڕای هەموو ئەو شەڕ و ماڵوێرانی و داگیرکارییانەی بە درێژاییی مێژوو بە سەریدا سەپێنراون، ئەم خەسڵەتە جوانەی خۆی لە دەست نەداوە و وەک وڵاتی هەموو ئایین و نەتەوەکان ماوەتەوە و بووەتە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی کولتووری و نموونەیەکی کەم وێنە لە جیهاندا".[٢٣]

ڕەنگە بگوترێ ئەم جۆرە ڕوانینە ئەگەر لەسەر بنەمای ڕاستیش نەبێ هیچ کێشەیەک ساز ناکا (چونکە مێژوو هەر دەستکردە) و تەنانەت هەستێکی پڕ لە شانازی بۆ مرۆڤی کورد بەدی دێنێ و یارمەتیدەری ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە ئێستادا دەبێ. بەڵام دەبینین لە واقیعدا نەک یارمەتیدەر نەبووە بەڵکوو بە شێوەیەکی ڕووکەشیانەوە ناکۆکییەکان دەشارێتەوە و بەشێوەی کاتی دڵخۆشییەک بۆ چارەسەربوونی کێشەکان ساز دەکا. نموونەی هەرە بەرچاوی بەرگری نەکردنی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە کوردە ئیزدییەکانی شەنگال بوو. لایەنی بەرچاوی باسەکە ڕەنگە بۆ باس و خواستێکی سیاسی بگەڕێندرێتەوە، بەڵام لایەنی قووڵی باسەکە ئاماژە بۆ بەریەک کەوتنی دوو ئایینی ئیسلام و ئیزدی دەکا. واتە ئەگەرچی هەندێک لە لایەنگرانی کوردایەتی دەیانهەوێ وا نیشانی بدەن کە لە ڕابردوودا کوردەکان نەک تەنیا لەگەڵ خۆیان بەڵکوو لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەش هەڵیان کردووە و بەبێ کێشە پێکەوە ژیاون و لایەنگرانی ئایینەکان لە کوردستان پێکەوە کێشەیان نەبووە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کە نە لە ئارشیڤەکانی ڕابردوودا بەڵگەی بۆ دەبیندرێتەوە و نەک لە ئێستادا کارامەیە، باس لە کوردستانێکی ئایدیال بەپێی تێگەیشتنێکی لیبراڵی دەکا.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی بەردەوام بۆ شێوازێک لە ڕەسەنایەتیی کولتووری دەگەڕێنەوە و لە ڕێگەیەوە مەشرووعیەت بە زمانی فارسی، تورکی و عەرەبی دەدەن و تەنیا لەسەر بنەمای قەومی فارس، تورک و عەرەب کولتوورێکی نامێژوویی و سروشتی ساز دەکەن. بۆ نموونە، لەم دیمەنی ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە کولتووری ئێرانی/فارسی تەنانەت جێی قەومی فارس دەگرێتەوە و بە شێوەیەک ڕەگەزپەرەستی (ڕاسیزم) لە هەناوی ئەم بەکولتووریکردنەوەیەدا بەرهەم دێتەوە.[٢٤] وەزیری، ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک "شیزۆفرینیایەکی کولتووری" دەناسێنێت کە تیایدا بەریەک کەوتنی باوەڕی ئایینی و سۆزی نەتەوەیی، تێهەڵکێشێکی سەیر و سەمەرەی ساز کردووە.[٢٥] دووپات کردنەوەی شێوازەکانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان لە لایەن نیشتمانپەروەرانی

کوردەوە کە خۆی لە هەندێک ماکی وەکوو سازکردنی نەتەوە لەسەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوە/قەومەکانی دیکە، سەپاندنی گوتارێکی پیاوسالارانە، گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتیی کولتووری ڕابردوو دەبینێتەوە، سەرەڕای ناکۆکی هەندێک لە ماکە ڕەسەنەکان لەگەڵ بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان، دوو مەترسیی سەرەکی بۆ بیری کوردایەتی ساز دەکەن: بەکولتووریکردنی شۆڕشی ڕزگاریخواز لە کوردستان و لەبیرکردنی وشیاریی کۆمەڵایەتی کە چەوساندنەوەی تێدا بەرهەم دێتەوە.

## بەکولتووریکردنی شۆڕش

لە کاتێکدا بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی دەبێتە هۆی پەراوێزخستن، بێدەنگ کردن و سڕینەوەی هەر زمان و کولتوورێک جگە لە زمان و کولتووری فارسی،[٢٦] بەشێک لە کوردەکان کە دەیانهەوێ لەم دۆخە ڕزگاریان بێ، بەرەو بەکولتووریکردنی کوردایەتی هەنگاو دەنێن. مەبەستی من لە بەکولتووریکردنی کوردایەتی ئەوەیە کە لە کاتێکدا کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام کوردایەتی لایەنێکی سیاسیی هەبووە و لەگەڵ شەڕی چەکداری لێک تەندراوە، کاتێک ئیلیتی کورد بەرەوڕووی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی، تورکی یا عەرەبی دەبێتەوە کە دەیانهەوێ کولتووری کوردستان بتوێننەوە و ناسنامەی کوردی ئاسیمیلە بکەن، بڕیار دەدەن چالاکیی کولتووری بکەنە تەنیا ڕێی ڕزگاری. لە کاتێکدا کۆلۆنیالیزم باس لەوە دەکا کە کوردستان لە مێژوودا نەبووە و کورد خاوەنی ژیانی عەشیرەیین و لە شارستانییەت بێبەشن، ڕۆشنبیری کورد بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە بە دڵی مێژوودا ڕۆ بچێ و ماکەکانی ژیاری کوردی بدۆزێتەوە. کۆلۆنیالیزم کە مەبەستی سەرەکیی خۆی لە دوورکردنەوەی کورد لە داواکاریی سەربەخۆیی و ڕزگاری پێکاوە، کەمتاکورت ڕێگە بۆ ئەم چالاکییە کولتوورییانە دەکاتەوە. ڕۆشنبیری کوردیش سەرخۆش لەم دەستکەوتە هەم هەوڵ دەدا بە پێوەری ناسیۆنالیزمی ئێرانی و تورکی ماکەکانی شارستانیەت لە ڕابردووی دووردا بدۆزێتەوە و غافڵ لەوەی هەر ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە ڕەگەزپەرەستانەیە، بووەتە هۆی تەریکخستن و لەناوبردنی سیستەماتیکی کورد. گرنگیدان بە کۆکردنەوەی پەندەکان، بەیت و باڵۆرەکان، جلوبەرگ و خواردنی ڕەسەن و گەڕان بە شوێن ئاسەواری کۆن بەشێکن لەو مێکانیزمانەی کە ئیلیتی کورد وەک ئەرکێکی نەتەوەیی بۆخۆی پێناسەی کردووە تا دژ بە سیاسەتی بەناوچەیی کردنی کولتووری کوردی لە لایەن حکومەتە داگیرکەری کوردستان بێ، کە زمان و کولتووری ناوەند وەکوو بابەتی ڕەسمی نیشان دەدا.[٢٧]

یەکێک لە نموونە هەرە بەرچاوەکانی ئەم ڕەوتە لە سازبوونی گۆڤاری سروە لە گەرمەی شۆڕشی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا بەرچاو دەکەوێ کە پاش ماوەیەک، سازبوونی ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی لێ کەوتەوە. هەرچەند ناکرێ نکۆڵی لە گرنگیدان بە زمان و ئەدەبی کوردی لەم گۆڤارە و ئەنجومەنانەدا بکرێ، بەڵام بەروونی بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن سیستەمی کۆلۆنیال خوازیاری ئەوەیە خواستی سیاسیی کوردایەتی بۆ ڕزگاری بەرەو داواکارییەکی کولتووری ڕاکێش بکات. فارووق کەیخوسرەوی، یەکێک لە هاوکارانی ناوەندی چاپ و کولتووری سەلاحەدین لە ورمێ کە گۆڤاری سروە لەوێڕا بڵاو دەکرایەوە، باس لەوە دەکا کە گۆڤاری سروە "تەنیا بەرهەمی کلاسیکی ئەدەبی و فولکلۆری کوردیی چاپ دەکرد و تەنانەت یەک وتاری سیاسیشی تیایدا بڵاو نەدەکرایەوە."[٢٨] گۆڤاری سروە کە لە ژێر بەرپرسیارەتیی ئیسفەندیار ڕەحیم

مەشاییدا چاپ دەبوو، ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێریی سوپادا هەوڵی دەدا کوردستانێکی کولتووری بەجێی کوردستانێکی سیاسی جێگیر بکا. ئەوان بەباشی لەوە تێدەگەیشتن کە گەڕانەوە بۆ کولتوور، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیاسەت دوور دەکاتەوە، هەروەها عەوداڵ بوون بە شوێن ڕەسەنایەتیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کولتووری کوردی لەگەڵ کولتووری ئێرانی تێکەڵ ببێ. واتە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی کۆلۆنیالیزمی وەخۆگرەوە، بەکولتووریکردنی خەبات دەبووە هۆی ئەوەی هەم ناسنامەی کوردی/کوردستانی لەگەڵ ناسنامەی ئێرانی تێکەڵ بکەن و هەم بتوانن کولتووری کوردی وەک کولتوورێکی شوانکارەیی، پێش مۆدێرن و دواکەوتوو نیشان بدەن کە هێماکانی لە شوانی فەرەنجیپۆش و ژیان لە شاخە سروشتییەکان بەرەو ژنکوژی و کۆڵبەری لە مەیلاندایە. لایەنی وەخۆگرانەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی دەبێتە زڕدایکێکی خەمخۆر کە هەوڵ دەدا فولکلۆری کوردستان لەناو نەچێ، کلاشی هەورامان نەفەوتێ و ڕەسەنایەتیی کولتووری ببێتە ڕێگر لە سازبوونی کولتوورێکی مۆدێرنی کوردستانی.

لەم شێوازەدا ئەگەر تەنانەت باس لە داگیرکاری و دوژمن بکرێ، وا گریمانە دەگیرێ کە خاکی کوردستان بە شێوازێکی لەمێژینە هی کورد بووە و هەر دەمێنێتەوە، کەواتە دەکرێ لە ڕێگەی چالاکیی کولتوورییەوە سیستەمی کۆلۆنیالیزم بە چۆکدا بێنیت. لە کاتێکدا دەزانین سیستەمی کۆلۆنیال بە شێوەیەکی سیستەماتیک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێ، دێمۆگرافیی کوردستان دەگۆڕێ، پەروەردەی نەتەوەیی خۆی بە سەر هەست و نەستی کورددا دەسەپێنێت، ئابووریی کوردستان لەناو دەبا، سەرچاوەکان تالان دەکا و کوردستان لە دۆخی گەشەنەکراوەییدا دەهێڵێتەوە. هەر بۆیە ئەم چالاکییە کولتوورییە نیوەچڵە کە پێیەکی لە چیرۆکی تیتیلە و بیبیلەدایە و پێیەکی لە سازکردنی ترخێنە و دۆینە، لە لایەکەوە خەون بە ژیانی ساکاری گوندەوە دەبینێ و لە لایەکیترەوە خەمی فەوتانی وشەدانی تایبەت بە کشتوکاڵی قۆناغی گاسن خەوی لێ دەزڕێنێ، دیار نییە چۆن دەتوانێ بە ڕزگاریی کوردستان بگات. بۆ وێنە لەم شێعرەی ڕەحیم لوقمانیدا سەرەڕای ماکخوازی و گەڕانەوە بۆ ڕەسانەیەتی، تایبەتمەندییەکانی ژیانی گوندی بەرهەم دێتەوە و دیار نییە کەی و چۆن کورد لمۆزی داگیرکەری لە بەرد داوە؟ باشە ئەگەر بەپێی ئەم شێوەی گێڕانەوانە، کورد قارەمانێکی هێندە نەبەز بووە بۆ لە دۆخی بندەستیدا سەرمان نەوییە؟

*"یەکەم بەردی شارستانیی و/ قەڵای مێژووی پاک و ڕەسەن/ هەر بەم جلی شوانییەوە/ بە خوێناوی من نەخشاوە!*
*لەسەر سینگی پڕ ئەوینی ئەم/ بەهەشتەم/ لە بەرمدا، ڕەنگی فەرهەنگ/ لە سەرمدا، خولیای هەڵۆ/ لە خوێنمدا، تاقەتی شێر/ لە ناخمدا، ورەی شاخم پێ دراوە.*
*هەر بەم بەرگی شوانییەوە/ پڕ بە یادی تاڵی مێژووم/ هەر لمۆزی ئاژەڵانی داگیرکەرم لە بەرد داوە."*

## لە وشیاریی نەتەوەییەوە بەرەو وشیاریی کۆمەڵایەتی

لە دوای بەرگریی قارەمانانەی کورد لە کۆبانێ لە بەرانبەر داعشی تاریکپەرەست، یەکێک لە هونەرمەندە دیارەکانی ڕۆژهەڵات، هادی زیائەدینی، پەیکەرێکی بۆ ڕێزگرتن لەو حەماسەتە ساز کرد. زۆر کەس ئاگادارە کە زیائەدینی هەستی بێگەردی خۆی بۆ کوردستان ناشارێتەوە، لێ ئەگەر بەرهەمە هونەرییەکەی سەیر بکەین کە

بریتییە لە کچە گەریلای کورد کە لەسەر پشتی شێرێک دانیشتووە، هێمای پیاوانە بۆ ئازایەتی کە بریتییە لە نێرەشێرێک لە هونەرەکەیدا بەرهەم دێتەوە. پرسیار لێرەدا ئەمەیە ئایا وشیاریی نەتەوەیی  بە تەنیا دەتوانێ پێکهێنەری فەلسەفەی کوردایەتی بۆ ڕزگاری بێ؟ کوردایەتی کە داخوازی لە سڕینەوەی پەیوەندییەکانی سوڵتە دەکا، تەنیا ناتوانێ لە ڕێگەی سازکردنی وشیاریی نەتەوەییەوە ئامانجی کۆتاییی ڕزگاری بگا. بەتایبەت کە دەبیندرێ کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی گۆڕانکاری لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی خۆیدا بەرەبەرە لە نەریتەوە بەرەو جۆرێک لە نوێبوونەوە هەنگاو دەنێت.

پێکهاتەی گوندیی کوردستان لە پێش نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم جێی خۆی بە پێکهاتەیەکی شاری داوە و تیایدا سێ لەسەر چواری دانیشتووانی کوردستان لە شارەکان دەژین. ئاستی خوێندەواریی خەڵک و ڕێژەی بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگادا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ نیو سەدە لەمەوپێش بەراورد ناکرێ. کەواتە کوردایەتی دەبێ بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە ڕابردووی بزووتنەوەیەک بکاتەوە کە جووڵەی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا ساز کردووە. واتە تەنیا سازکردنی وشیاریی نەتەوەیی  ناتوانێ هەوڵ بۆ لابردنی هەموو ئەو ستەمانە بدا کە لە کۆمەڵگادا دەبیندرێ. ئەگەر کوردایەتی نەتوانێ وشیاریی نەتەوەیی  بەرەو سازکردنی وشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببا، ناتوانێ تەنیا بە هەندێک باسی مافخوازانە و نیشاندانی ڕەسەنبوونی کولتووری کوردی، ئامانجی خۆی بەدی بهێنێت. کوردایەتی لە ڕاستیدا تێگەیشتنێکی سیاسییە بە مەبەستی سازکردنی دەوڵەت نەتەوە و ئەگەر ئیلیتی کورد ئەو دوورەمەودایە لەبەر چاو نەگرێ، هەوڵەکانی بۆ زیندووکردنەوە، دۆزینەوە، پاراستن و نیشاندانەوەی کولتووری کوردی بەفیڕۆ دەچێت. واتە ئەگەرچی ئیلیتی کورد ئەرکی بەرگری لە کولتووری کوردی بەئەستۆ گرتووە و ”کاتێک کە بابەتێکی وەک ناسنامە دێتە گۆڕێ، سەرلێشێواویی خەڵکی ئاسایی بە ڕادەیەکە کە ڕووناکبیر ناچارە بۆ ڕێبەرایەتیی هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، خۆی ئەرکی  دیاریکردنی ماکەکانی ناسنامە لە ئەستۆ بگرێت. ئەم ئەرکە قورسە زۆرتر بە ڕێگەی زیندووکردنەوەی زمان، وێژە، مێژوو و فۆلکلۆر دەکرێت، بەڵام ئەگەر نەخرێتە چوارچێوەیەکی سیاسییەوە، تەنیا جۆرێک جیاوازیی کولتووری بەرهەم دەهێنێت کە لە ڕووی ستراتیژیکەوە نەزۆکە.“[٢٩]

بۆ بەسیاسیکردنی کوردایەتی پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی ستەم و پەیوەندییەکانی سوڵتە لە کوردستان دەستنیشان بکرێ. هەنووکە پێویستە کوردایەتی نوێنەرایەتی هەموو ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگای کوردستان بکا کە ستەمیان لێ دەکرێ. دەکرێ ئەم ڕوانگەیە وەک بیری کوردایەتیی ڕەخنەگرانە پێناسە بکەین. ئێدوارد سەعید کاتێک دەیهەوێ بۆچوونەکانی فانۆن سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و کولتووری نەتەوەیی لە کتێبی نەگبەتەکانی سەر زەوی هەڵبسەنگێنێت، تێڕوانینی فانۆن وەک ”ناسیۆنالیزمی ڕەخنەگرانە“ پێناسە دەکا کە تیایدا ”تا ئەو کاتەی وشیاریی نەتەوەیی  بۆ وشیاریی کۆمەڵایەتی نەگۆڕدرێ داهاتوو ئازاد نابێ.“[٣٠] بەم پێیە، ناکرێ چیتر پێمان وابێ تەنیا پێشمەرگە دەتوانێ ئەرکی ڕزگاریی کوردستان بەئەنجام بگەیەنێ و پێویستە لە ژنانەوە بگرە تا ژینگەدۆستان، لە کرێکارانەوە بگرە تا هاوسێکسخوازەکان، لە لایەنگرانی پێکەوەهەڵکردنی ئایینییەوە تا سێکۆلارەکان، بە ئامانجی سازبوونی دەوڵەت نەتەوەیەک لە کوردستان تێبکۆشن کە پشتگیری لە سڕینەوەی ستەم لەسەر هەموو ئاستەکان بکا. واتە بە شێوازێکی هاونرخ، هەوڵ بۆ

دەستەبەرکردنی داخوازیی هەموو ئەو گرووپانە بکرێ کە لە کوردستان ستەمیان لێ دەکرێ.[٣١]

## دەرەنجام

دیارە لێرەدا من نەمویستووە دژ بە کولتووری کوردی هەڵوێست بگرم. دەوری کولتوورێکی هاوبەش بۆ یەکریزی و هەستی گرێدراویەتی بۆ هەر کۆمەڵگایەک پێویستە. ئەوەی من ویستوومە نیشانی بدەم ئەمەیە کە کولتووری نەتەوەیی ناتوانێ لەسەر بنەمای هەموو ئەو ماکانە ساز بکرێتەوە کە لە ڕابردوودا هەبوون. بیرکردنەوە لە ڕەسەنایەتیی کولتووری کوردی و دۆزینەوەی کوردی ڕەسەن، تریفەیەکی پیرۆز (ئائۆرا)[٣٢] بە دەوری کولتوورێکدا ساز دەکا کە هەندێک لە بەشەکانی دژ بە مۆدێرنیتەن و ڕێگرن لەوەی کە بیری کوردایەتی بتوانێ ئامانجی ڕزگاری بپێکێ. کولتووری نەتەوەیی بە مانا کوردستانییەکەی دەبێ گرنگی بە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بدا و لە پەراوێزخستن خۆی بەدوور بگرێ. هەروەها ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو تەنیا بۆ سازکردنی شکۆیەک بۆ ئیستا کەڵکی هەیە، ئەگەرنا لاسایی کردنەوەی بزووتنەوەکانی ڕابردوو، گیرۆدەی نۆستالۆژیایەکمان دەکا کە دەربازبوون لێی ئەستەمە. ئەگەر لە ڕابردوودا سەرکەوتوو بووینایە، کار نەدەگەیشتە ئیستایەک کە لە بندەستیدا بژین. واتە کوردایەتی خوازیاری شۆڕشێکە کە چاوی لە داهاتووە. ئەم بیرۆکەیە ئەو ئیمکانەمان بۆ دەرەخسێنێ کە ماکە پاشقەڕۆکانی کولتووری کوردی ئاسانتر وەلا بنێین. چونکە کاتێک داخوازی ئەوەمان هەیە کوردایەتی فەلسەفەیەکی دژەستەمە، دەبێ لەوپەڕی پێشکەوتووخوازیدا دەستبەرداری مۆتەکەی پاشقەڕۆیانەی ڕابردوو بین. ئەم شێوازە بەسیاسیکردنەی کوردایەتی لەو ئاکامە نەخوازراوەی بەکولتووریکردنی خەباتی کوردایەتی ڕزگارمان دەکا کە دەیهەوێ بە بیانووی پاراستنی کەلەپووری کوردی، مردووەکان زیندوو بکاتەوە.

*نەریتی هەموو نەوەکانی ڕابردوو وەکوو مۆتەیەک لەسەر مێشکی زیندووەکان قورسایی دەکا... کەواتە زیندووکردنەوەی مردووەکان لە شۆڕشەکاندا بە مەبەستی شکۆدارکردنی خەباتە نوێیەکان بووە، نەک بۆ ئەوەی لاسایی خەباتەکانی ڕابردوو بکرێتەوە... بۆ سەرلەنوێ دۆزینەوەی ڕۆحی شۆڕش بووە نەک بۆ وەجووڵەخستنی ڕۆحی شۆڕش.*[٣٣]

بەکورتی، ئەگەرچی کولتووری هاوبەش دەتوانێ پێکەوە گرێمان بدا و لە بەرانبەر کولتووری کۆلۆنیالدا یارمەتیدەری سازبوونی ناسنامەی کوردی/کوردستانی بێ، بەڵام ئەم کولتوورە نەتەوەییە ناتوانێ لە زەلکاوی ئەو بەها دژەمۆدێرنانەدا جێ پێ خۆش بکا کە بە بیانووی ڕەسەنایەتی خۆیان خزاندووەتە ئیستاوە. واتە، شکۆی ڕابردوو، نابێ لەگەڵ داهاتووی سەربەخۆمان لە ناکۆکیدا بێ.

## سەرچاوەکان


1. Fanon, Frantz (1963), The Wretched of the Earth, tr. Constance Farrington (New York: Grove Press), 233

2. Beckett, Samuel (2009), "The Unnamable," in Three Novels: Molloy, Malone Dies, The Unnamable (New York: Grove Press), 337.

٣. ئەردەڵان، سارۆ (٢٠١٩) "کۆردایەتی دژ بەکۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە." گۆڤاری تیشک ٥١.

4. The past and History; See Jenkins, Keith (2003) Re-thinking History (London: Routledge).

5. Marx, Karl (1972), The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte (Moscow: Progress Publishers), 12-13.

٦. بۆ ڕەخنەیەکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە مێژووڕوانی لە

کوردستان بروانە:
کاوە، شەماڵ (٢٠٢١) "تارمایی مێژوو و هەقیقەت: چەند پەراوێزێک لەمەڕ مێژووڕوانی لە نووسینی کوردیدا،" پولیتیا ٣ (١): ٤-١٥.

7. "Fetishism of the document"; See Jenkins, Rethinking History, 3.

٨. نەبەز، جەمال (٢٠٠٨)، فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا (دەقی سمینار لە یوتیبوری سوید)، ٨.

٩. ئەردەڵان، سارۆ (٢٠١٩)، "کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر: چۆن ئێران توانیویەتی لە کوردستان هێژمونیی کولتووری ساز بکا؟" گۆڤاری تیشک ٥٢: ٢٤-٤٥.

10. Limbert, John (1968), "The Origins and Appearance of the Kurds in Pre-Islamic Iran," Iranian Studies 1 (2): 41-51.

11. Paul, Ludwig (2008) "Kurdish Language i. History of the Kurdish Language," Encyclopedia Iranica, Online accessed by https://iranicaonline.org/articles/kurdish-language-i

12. Allison, Christine (2009), "Representations of Yezidism and Zoroastrianism in the Kurdish newspapers Hawar and Roja Nû." in From Daena to Dın: Religion, Kultur und Sprache der iranischen Welt, eds. C. Allison, A. Joisten-Pruschke and A. Wendtland (Wiesbaden: Harrassowitz), 285-9o.

12. Szanto, Edith (2018) "Zoroaster was a Kurd: Neo-Zoroastrianism among the Iraqi Kurds," Iran and the Caucasus 22: 98.

١٤. قادری، زەکەریا (٢٠١٨) عقل سیاسی ایرانی و هویت‌خواهی کردها (استکهلم: کتاب ارزان).

15. Fanon, Frantz (1986), Black Skin, White Masks, tr. Charles Lam Markmann (London: Pluto Press, 1986), 224.

16. Nativism

17. Spivak, Gayatri Chakravorty (1988), "Can the Subaltern Speak?" In Colonial Discourse and Post-colonial Theory: A Reader, ed. Patrick Williams and Laura Chrisman (New York: Routledge), 66-111,

18. Fanon, Black Skin, White Masks, 225.

19. Williams, Patrick (1993), "Problems of post-colonialism," Paragraph 16 (1): 101.

٢٠. م. ح. [سەید محەممەد حەمیدی] (١٩٤٥)، "نویسندگان فارسی بخوانند،" هاواری کورد ١، ١٨-٢٣. هەروەها بروانە ئەردەڵان، "کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر،" ٣٤-٣٥.

٢١. کوردی [عەبدولکەریم سلێمانی] (١٩١٣)، "ئەسڵ و نەسەبی کورد" ڕۆژی کورد ٤ (گۆڤاری جڤاتی "هێڤی"ی قوتابیانی کورد)،

١٨. بۆ زانیاری زیاتر بروانە ئەردەڵان، کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر، ٣٤.

٢٢. پشدەری، قادر محەمەد و ئەوانیتر (٢٠١٥)، مێژووی شارستانییەکان: پۆلی دەیەمی ئامادەیی وێژەیی (هەولێر: وەزارەتی پەروەردە)، ٢٣.

٢٣. بروانە: shorturl.at/uGIZ9

٢٤. بۆ ڕوانگەیەکی نوێ سەبارەت بەوەی چۆن بەکولتووریکردن (culturalisation) دەتوانێ شێوازێکی ڕاسیستی بەرهەم بهێنێت، بروانە:
Ahmed, Saladdin (2015), "Culture as 'Ways of Life' or a Mask of Racism? Culturalisation and the Decline of Universalist Views," Critical Race and Whiteness Studies 11 (1): 1-17.

25. Vaziri, Mostafa (1993), Iran as Imagined Nation: The construction of national identity (New York: Paragon House), 207-12.

٢٦. سلێمانی، کەماڵ و ئەحمەد محەمەدپور (٢٠١٩)، "ئایا غەیرە فارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟ گێڕانەوەی حاکمییەت لە ناسنامەی ئێرانی،" تیشک ٥٢: ٢٧٦-٣٠١.

27. Cabi, Marouf (2021), "The duality of 'official' and 'local' in modern Iran: historical and intellectual foundations," Middle Eastern Studies 57 (5). https://doi.org/10.1080/00263206.2021.1891892

٢٨. کیخسروی، فاروق (١٣٨٤)، "نظری به نقد پژوهشگر پرتلاش آقای خالد توکلی بر چشم انداز ایران،" چشم انداز ایران (دومین ویژه‌نامه کردستان). از طریق لینک: http://www.meisami.net/cheshm/Special/Kordestan02/13.htm#_ftnref12

٢٩. کەریمی، ئەییووب (٢٧١٨) "فەلسەفەی سیاسیی ناسنامە،" پولیتیا ١: ١٣.

30. Said, Edward (1994), Culture and Imperialism (New York: Vintage Books), 267-78.

٣١. بروانە: ئەردەڵان، سارۆ (٢٠٢٠)، "دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی: بەرەو خەباتێکی هێژمونیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،" تیشک ٥٥: ١٢٤-١٤٣.

32. Benjamin, Walter (2005), "The work of Art in the age of Mechanical Reproduction," tr. Harry Zohn. http://pixels.filmtv.ucla.edu/gallery/web/julian_scaff/benjamin/

33. Marx, The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte, 10-12.